# گواستنەوەی دەسەلات لە ناوخۆی حزبی کوردی : (پ د ک) و (ی ن ک) وەك نمونە

ئەیوب یارزانی

شێوەی گواستنەوەی دەسەلات لە ناو هەر پارتێکدا ، نیشانی هەبوون یان نەبوونی دیموکراسیە لە ناو ڕێزەکانیدا .

ئەو حیزبەی کە دەستور و پەیرەوی ناوخوی هاوچەرخ نەبێ ، یان هەبێ تەنها لە سەر کاغەز ، بەڵام ڕێزی نەبێ، وابەستەگی وکار پێنەکرێ ، ڕێگا خوشدەکا بوو ئەوەی تاکە کەسێك هەموٚ دەسەڵاتێك قورخ بکا، ئەندامە کان دەرئەکا ، یان خوویان دەرئەچن ، کە لەگەڵی ڕێکنین وخوی دەبیتە خاوەنی حزب، ڕێگا نادا بە پێشکەوتنی ئەندامی توانا وپاك ، ئەندامی (بەلێ ئەزبەنی) لووت بەرز و نەفسییەتی نزم لە دەورو بەری خووی کومدەکاتەوە، لەو حالەتە سەروك بەبرسیەتی هیچ کەس نیە لە خووی زیاتر، ترس بە کاردێنێ دژی ئەندامانی ئوپوزیسیون ، کولتوری گویرایەڵی کوێرانە لە ناو حزب دەچەسپێنێ ، گەندەلی ئەبێتە یاسا ، وبەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی گەلەکەی بە زیرەکی ناو دەبا ، لە کاتی نەخوش کەوتن یان مردنی سەروکدا ، لە پروسەی گواستنەوەی دەسەڵات ، حزب توشی قەیرانی ناوخوو دەبێ . زور جار گەل باجی ئەو قەیرانە دەدا.

بە پێچەوانەش ، کاتێ کە پەیرەوی ناخو، هاوچەرخ ودیموکرات کارپێکرا ، ئارامی لە ناوخودی حزب سەقامگیر دەبێ ، بە گویرەی دستوری حزب چالاکیەکانی سیاسی بە رێوە دەچن ، وپیاوی زانا ولێهاتو دەوری خووی دەبینێ بەرەو پێشکەوتنی حزبەکە وکومەلگا ، سیستەمی هەلبژاردنی بێ گەرد ئەنجامی دەبێ ، لە حالەتی نەخوشی کەتنی سەرووك یان مردنی، حزب بە گویرەی پەیرەوی ناوخو جێگری هەیە وتوشی بوشای لە دەسەڵات و قەیرانی ناو خوو نابێ.

پارتەکانی سیاسی کوردی کەوتونەتە ناو زوربەی قوژبنەکانی کومەلگا بوو ئەوەی کونترولی تەوا وی خوی لە سەر خەلك بچەسپێنێ. ئابوری، رامیاری ، هەمو داودەزگای یاساییان گرتوتە دەست خوویان یان کوڕەکان، کە زوور بە ڕژێمە شمولیەکان دەچێ . بە دابەشکردن وپاوانکردنی کوردستانی باشور بوو دوو ناوچە، ێکەتی لە سلێمانی و پارتی دیموکرات لە هەولێر ودهوك ، گەلی کورد ونیشتمانەکەی کردویانە دوو بەش.

ئە و حزبەی کە نەیتوانی دستورەکەی وپەیرەوی ناوخوی بگورێ وبگونجێنێ لە گەڵ ژیانی دیموکراسی ئەمرو، وکاری پێبکا ، لە ناو چالەکی دەربەست دەمێنێ ، توانای نوێکردنەوەی لوتکەی دەسەلات بە کادری توانا ولێهاتو لە دەستدەدات ، حزبەکە ئەبێتە مولکی تاکە (کەسی موقەدەس) و (گەورەی بێ هەمتا تا مردن) لەو حالەتە دستوری وپەیرەوی ناو خووی حزب بەهای نامێنی ، بەرژەوەندی و مانەوەی (تاکە کەس) دەبێتە ئامانج وهیچ ڕێز لە پرەنسیپی دیموکراسی ناو پارتەکە ناگیرێ.

کادرە کونوکان دژ بە نویەکان دەوەستن ورێگر دەبن لە پێشکەوتنی سروشتی بەرەو لوتکەی دەسەڵات، کونەکان نویەکان بە نەزان و هەلپەرست ناو دەبەن. پارتەکە توشی قەیرانی ناوخو وچەقبەست دەبێ، باڵادەستی تاکەکەس بە هێزتر دەبێ، بە ئاسانی ئەتوانی کوڕی، زاوای یان خالی بیکە بە سەرووك پارتەکە بە بێ ئەوەی حیزبەکە نقەی لێبێ ، چونکە پڕ بووە لە کوڕی روژ وهەلپەرست و گەندەڵ و بێ شەخسیەت. کادیرەکان فێرنەبوون بەهای کەرامەت بزانن یان بیرکردنەوەی ئازاد.

مەلا مستەف ، سەروکی پارتی ، ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی دەگوریٚ بە ئارەزوی خووی، و تا دوا روژی هەر سەروك مایەوە. لە دەستپێکی سالەکانی 70 ، شەری میراتگری دەسەڵات بو پاش خووی هەلگیرساند لە ناو برازایەکانی و کورەکانی کە دایکیان جوودابو . ئەنجامی لە سالی 1975 ، کارەساتە هەرەگەورە لە مێژووی کورد هاتە کایەوە .

کاریگەری ململانیٚ لە سەر گواستنەوەی دەسەڵات هۆیەکی سەرەکی بوو لەم تراجیدیایەدا، ئەمە شەڕێکی ناو خوٚی وێرانکەر بوو: بو حزبەکەی ، بوٚ شورشی چەکداری کورد و بوو بارزان ، هەمووی داڕما ، بوٚ چەسپاندنی جێگرەکەی خوٚی بە کوتەك . گەلی کورد باجەکی قورسیدا لە سالەکانی 1980 دا .

ئیستا لە ناو (ێکەتی) ، پروسەی گواستنەوەی دەسەلات لە قەیرانی قوول دایە ، وخەریکە ببێتە قەیرانی هەموٚ گەلی کوردستان، کە سێبەری خستوتە سەر بواری ژیانی روژانەی خەلك، ومەترسیدارە لە تێکچونی ئاسایشی کومەلگای کوردستاندا.

هەولی گرنگ پێویستە لە ئاستی جەماوەر، رەوشەنبیرانی نیشتمانپەروەر و ئەندامەکانی پاك لە ناو هەردو حزبی دەسەلاتدار هەولێ بدەن بوو ئەوەی ئەم دوو نمونەیە: (پ د ك) و (ی ن ك) ، دووبارە **نە** بێتەوە، پێویستە گەلی کورد کوتای بە قوناغی تاکە کەس بنیٚ ، وگرێدانی پاشەروژی گەلێك بە تاکەکەس دەبی بە توندی تاوانباربکریٚ.

لەم بارودوخەی ئێستا گرنگە هەر پارتێك لە کوردوستان دامەزرابیٚ یان دابمەزریٚ، وەك گوران ، گرنگی بداتە کارکردن بە مادەکانی ناو خوی حزبەکە بوو گواستنەوەی دەسەلاتی رامیاری ، رێزگرتن وکارکردن بە پەیرەوی ناوخوی دیموکرات و هاوچەرخ بوو گواستنەوەی دەسەلات لە لوتکەی حزب ، بە شێوەیەکی ئاشتیانە بە رێوە بروات ، و رێگا نەدریٚ بە چەسپاندنی تاکەکەس یان بنەمالە ، یان پیربوون لە سەر کورسی ، کە هیچ گومانی نییە لە ئایندەدا نەك تەنیا حزبەکە ، بەڵکو هەمو گەلی کوردستان توشی قەیرانی دەبێت.

شەست سالی رابردوو لە مێژووی کورد ، چ لە قوناغی شەڕ یان قوناغی ئاشتی ، دیاری دەکات ، دەسەلاتی حزبی تاکە کەس ، مەترسیدارە لە سەر ئایندەی گەلی کوردستان. مە ترسیەکە زوری لەوە دیٚ تاکە کەس پابەندە بە بەرژەوەندی خووی وبنە ماڵەکەی لە سەر حیسابی گەلی کوردستان.